# چۆن ئیمانت تازە دەکەیتەوە؟

? م/ أبو بكر أحمد

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

**الحَمْدَ لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، أما بعد...**

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار کە تەمەنی دام ئەمجارەش بەخزمەت خوێنەرانی خۆشەویستی ڕێگای ڕاست بگەمەوە، بەو نیازەی کەبابەتێك باس بکەم سودی هەبێت بۆ هەموو لایەکمان إن شاء الله.

**خوشکی بەڕێز برای خۆشەویست ...**

خوای پەروەردگار مرۆڤی وا دروست کردووە کە زوو شتی لەبیر ئەچێتەوە، هەر لەسەرەتای دروست بوونی پێغەمبەر ئادەم ¢ کاتێك کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکرد کە لەو دارە نەخوات، بەلاَم شەیتان فریووی داو فەرمانەکەی خوای پەروەردگاری بیرچوو، وە لەدارەکەی خوارد، هەر بە هۆی ئەو کارەوە بوو لەو بەهەشتە پڕ لە حەزوو ئارەزووە دەرکرا، هاوەڵی خۆشەویست (ابْـنِ عَبَّـاس ´ ئەفەرمووێت: ( إنّما سُمِّي الإنْسانُ إنْساناً لأنّه عُهِدَ إليه فنَسِي)[1].

واتە: نەوەی ئادمیزاد بۆیە ناونراوە (الإنْسانُ) چونکە پەیمانی دا بەلاَم پەیمانەکەی بیرچوو.

**باوەڕداری خۆشەویست ...**

خوای پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ¢ کردووە کە زوو زوو بیری باوەڕداران بخاتەوە، چونکە بیرهێنانەوە سوود ئەگەیەنێت بە باوەڕداران: ﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ﴾ [الذاريات: ٥٥].

واتە: بیریان بخەرەوە چونکە بیر خستنەوە سود بە باوەڕداران ئەگەیێنێت، مرۆڤی باوەڕدار زۆرجار کە ئایەتێکی قورئانی دەخوێنێتەوە یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر ¢ ئەبینێت باوەڕەکەی زیاد ئەکات وەترسی لێ ئەنیشێت، ئەمیش

(١) بروانە: تفسير الطبري: (٨/٤٦٥) والقرطبي: (٢٢٣/١١) وابن كثير: (٢٢٥/٣) .

ئەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەو ئایەتــەی کــە خــوای پەروەردگار ئەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ [الأنفال: ٢].

واتــە: بێگومــان بــاوەڕداره ڕاســتەقینەکان ئــەو کەســانەن کاتێــك کــە باســی خــوای پەروەردگار بکرێت ترسیان لێ ئەنیشێت و دڵیــان دائەچــەڵەکێت، وە کــاتێکیش کــە ئایەتــەکانی پــەروەردگاریان بەســەردا ئەخوێنرێتــەوە باوەڕەکــەیان زیــاد ئــەکات وەپــشت بــە پــەروەردگاریان ئەبەســتن، بێگومـان بـاوەڕ زیـاد و کـەم ئـەکات[٢] (زیـاد ئــەکات بەئەنجامــدانی فەرمانــەکانی خــوای پــەروەردگار، وە شــوێن کــەوتنی ســوننەتەکانی پێغەمبــەری خــوا ﷺ وەکەمیش ئەکات بەتاوان وسەرپێچی کردن، شــێخ: (عُثــيمين) (رَحِمَــهُ اللَّــه تَعَــالَى) ئەفــەرموێت:[٣] ئەصـل لای ئـەهلی سـوننەو جەماعە ئەوەیە کە باوەڕ زیـادو کـەم ئـەکات بەبەڵگــەی ئــەم ئایەتــەی خــوای پــەروەردگار کە ئەفەرموێت:

﴿لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَاناً﴾ [المدّثر: ٣١] .

واتە: بۆ ئــەوەی ئەوانــەی کتێبیــان پێدراوە دڵنیا بن لـە ڕاسـتی ئـەم قورئانـە (مەبەست پێیان گاور و جولەکەیە، چـونکە لـە تـەورات و ئینجیلدا ئەو باسە هەیە) وە بۆ ئەوەی کـە بـــاوەڕداران ئیمانیـــان زیـــاتر بکـــات و دابمەزرێت.

ئیمـامی (الْبُخَارِيّ) (رَحِمَهُ اللَّــه تَعَــالَى) لـە (صَــحِيحَه) کەیـدا، لەسـەرەتای (كِتَــابُ الإِيْمَانِ) دا ئەفــەرموێت: (الإِيمَانِ وَهُوَ قَــوْلٌ وَفِعْلٌ، وَيَزِيدُ وَيَنْقُصُ) واتە: باوەڕ بریتییـە لـە ووتەو کردار وە زیاد و کەم ئەکات، هــەروەها باسێکی دانـاوە بـەناوی ( ٣٢ - باب زِيَــادَةِ الإِيمَــانِ وَنُقْــصَانِهِ) خــوای پــەروەردگار ئەفەرموێت:

﴿لِيَزْدَادُوا إِيمَاناً مَّعَ إِيمَانِهِمْ﴾ [الفتح: ٤] .

واتە: تاکو باوەڕیـان زیـاد بکـات لەگـەڵ ئـەو باوەڕەی کەهەیانە.

**پێناسـەی بـاوەڕ (الإیمـان): بـاوەڕ دوو پێناسـەی هەیـە، یەکـەمیان لـە (زمانەوانیـدا)، دووەمیـان لە(شەرعدا).**

---

(٢) بڕوانـە شرح النووي على المـسلم (١/١٤٦) ئەمـە ووتـەی: ابن مسعود و سفيان والاوزاعى والحسن البصرى وعطاء ومجاهد وعبد الله بن المبارك، وەجگە لەوانیش.

(٣) بڕوانە: شرح العقيدة الواسطية (ص ٢٢٣) .

**یەكەم: لە زمانەوانیدا: الإِيْمَـانُ**: التـصديق، وفي أَسماء الله تعالى (الْمُؤْمِنُ) هو الذي يَصْدُقُ عبادَه وعْدَه أَو يُؤْمِنُهم في القيامة عذابَه فهو من الأَمانِ ضدّ الخوف[٤].

بـاوەڕ: واتـە: بەڕاست دانـان و بـاوەڕ پێكردن، وەیەكێك لەناوە جوانـەكانی خـوای پەروەردگار (الْمُؤْمِنُ). واتە: بەڕاست دانـەری ئەو بەڵێنەی كە بە بەنـدەكانی داوە، یـاخود ئەمینیان دەكات لە سزاكەی.

**دووەم: لە شـەرعدا: الإِيْمَـانُ**: (أَنْ تُـؤْمِنَ بِاللَّهِ، وَمَلائِكَتِهِ، وَكُتُبِـهِ، وَرُسُـلِهِ، وَتُـؤْمِنَ بِالْجَنَّةِ وَالنَّارِ، وَالْمِيزَانِ وَتُؤْمِنَ بِالْبَعْثِ بَعْـدَ الْمَوْت، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ)[٥]. واتـە: باوەڕ هێنـان بـە خـوای پـەروەردگار، وە بـە فریـشتەكان وكتێبـە ئاسمانییـەكان و پێغەمبـەران، وە بـاوەڕبوون بـە بەهەشـت و جەهەنم و تـەرازوو، وە باوەڕبوون بـە زینـدوو بوونـەوە لـەدوای مـردن وە بـاوەڕ بـوون بـە قەزاو قەدەر خێرو شەڕی.

(٤) **بڕوانـە**: لسان العرب، وتاج العروس، ومختار الصحاح، وە جگە لەوانیش لە پەرتوكی زمانەوانی.

(٥) (صحيح) **بڕوانـە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٢٧٩٨).

**ئایا چی بكەین بۆ ئەوەی كە باوەڕمان بەهێز بكەین...؟؟؟**

بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە ئەچـینەوە لای ڕاسـتترین كتێـب لـەدوای قورئـانی پـیرۆز كـە(صحيح البخاري)یـە، ووتەیـەكی زێڕینـی هاوەڵی خۆشەویست (معاذ بـن جبـل ) مـان بـۆ ئەگێڕێتـەوە كـە فەرموویـەتی: (اجْلِسْ بِنَا نُؤْمِنْ سَاعَةً).

واتـە: بـا دابنیـشین پێكـەوە بـۆ ئـەوەی باوەڕەكەمان تازەبكەینەوە بەوەی كە یـادی خـوای پـەروەردگار بكـەین وە بـیر لـەڕۆژی دوایی بكەینەوە.

**بەشێوەیەكی گشتی هۆكارەكان زۆرن لەوانە...**

**یەكەم: پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار**:

هـاوەڵی خۆشەویـست (عبد الله بن عمرو بـن العاص) ئەفـەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: (إنَّ الإِيْمَـانِ لَيَخْلَـقُ في جَوف أَحَدكُم كَمَ يَخْلَقُ الثوب فَاسـألوا الله تَعالى: أَنْ يجدد الإِيْمَان في قُلوبكم)[٦]. واتـە: بـە دڵنیـای بـاوەڕ بـەردەوام نابێـت لەلاشـەتانداو دەرزێـت (واتـە: كـەم دەكـات، یان نامێنێت) وەك چۆن پۆشاكێك بـەردەوام

(٦) (صحيح) **بڕوانـە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١٥٩٠).

نابێت ودەرزێت، جا کەوایە داوا بکەن لە پەروەردگارتان باوەڕەکەتان بۆ نوێ بکاتەوە، وە (عمار بن یاسر) i ئەفەرمووێت: نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەری خوا ¢ لە پاڕانەوەکانیدا ئەیفەرموو: (اللَّهُمَّ زَيِّنَّا بِزِينَةِ الإِيْمَان...)[٧].

واتە: پەروەردگار جوانمان بکەو بمان ڕازێنەوە بەجوانی باوەڕ، هەروەها ئەیفەرموو: (اللَّهُمَّ حَبِّبْ إِلَيْنَا الإِيْمَانَ وَزَيِّنْهُ فِي قُلُوبِنَا)[٨].

واتە: ئەی پەروەردگار باوەڕمان لەلا خۆشەویست بکە و دڵەکانمان بڕازێنەوە بەجوانی باوەڕ.

**دووەم: __شەونوێژ__:** بێگومان شەو نوێژ چاکترین و باشترین نوێژە لەدوای فەرزەکان، هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ) i ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ¢ فەرموویەتی: (أَفْضَلُ الصَّلاَةِ بَعْدَ الصَّلاَةِ الْمَكْتُوبَةِ الصَّلاَةُ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ)[٩].

واتە: باشترین نوێژ لەدوای فەرزەکان بریتییە لە شەونوێژ، وەهۆکارێکیشە بۆ زیاد بوونی باوەڕ، وە هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي أُمَامَةَ) i ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ¢ فەرموویەتی: (عَلَيْكُمْ بِقِيَامِ اللَّيْلِ فَإِنَّهُ دَأْبُ الصَّالِحِينَ قَبْلَكُمْ وَقُرْبَةٌ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى وَمَنْهَاةٌ عَنِ الإِثْمِ وَتَكْفِيرٌ لِلسَّيِّئَاتِ)[١٠]. واتە: شەونوێژ زۆر بکەن چونکە لەخوو ڕەوشتی پیاوچاکانی پێش ئێوەیە، وەبە ئەنجامدانی نزیك ئەبنەوە لەپەروەردگار، وەڕێگرە بۆ تاوان و سەرپێچی، وەهۆکارێکیشە بۆ لێخۆش بوونی تاوان.

## __سێیەم: تێگەیشتن وبیر لێکردنەوە لە ناوە جوانەکانی خوای پەروەردگار:__

بێگومان تێگەیشتن لەناوە جوانەکانی خوای پەروەردگار باوەڕ زیاد ئەکات و ڕێگریشە بۆ تاوان و سەرپێچی، بۆنموونە کاتێك مرۆڤی باوەڕدار بیر لە (الرَّقِيب) ئەکاتەوە ئەوا ئەزانێت کە خوای پەروەردگار چاودێرە بەسەر بەندەکانییەوە ئاگادارە بەهەموو ئەو کارو کردارانەی کەئەنجامی ئەدات، وەهیچ

(٧) (صحيح) **بڕوانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١٣٠١).

(٨) (صحيح) رواه أحمد (١٥٨٩١) **بڕوانە**: صحيح الأدب المفرد للإمام البخاري بتحقيق الشيخ الألباني (رحمه الله) (٦٩٩).

(٩) رواه مسلم (٢٧٤٨) **بڕوانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١١١٦).

(١٠) (صحيح) رواه الترمذي (٣٨٩٥) **بڕوانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٤٠٧٩).

شـتیك لـە پـەروەردگار بـزر نابێـت، یـان (الــــرَّزَّاق) ئـەوا ئـەزانێت كـە خـوای پـەروەردگار بەنـدەكانی دروسـت كـردوەو ڕۆزی هەموویانی دابین كردووە.

**چوارەم: قورئان خوێندن و بیر لێكردنەوەو بەتێگەیشتن لێی:**

قورئـان خوێنـدن و بـیر لێكردنـەوەی هۆكارێكی سەرەكییە بۆ زیاد بوونی باوەڕ، وەخـوای پـەروەردگار بەنـدەكانی ئاگـادار كردۆتـەوە كـە تێگەیـشتنیان هـەبێت بـۆ قورئان:

﴿أَفَلاَ يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ﴾ [النساء: ٨٢].

واتـە: ئایـا بـۆ بیرناكەنـەوە لـەقورئان، بێگومـان بـاوەڕدار بـەهۆی تێگەیـشتنەوە چەندین خێرو چاكەی دەسگیر ئـەبێت، وە دوریش ئەبێت لە تاوان و سەرپێچی، زانـای پایە بەرز (عبدالرحمن بـن ناصـر الـسعدي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەفـەرمووێت[11]: گـەورەترین هۆكـار كـە بـاوەڕ بـەهێز و زیـاد بكـات بریتییـە لـە بیركردنـەوە و تێگەیـشتن لــەقورئانی پــیرۆز وەخــوای پــەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ [الأنفال: ٢].

واتــە: بــەدڵنیایی لــەناو بەنــدەكانی پەروەردگار باوەڕداری ڕاست ئەو كەسەیە كاتێك كەباسی خوای پـەروەردگار بكرێت ترسیان لێ ئەنیشێت و دڵیـان دائەچـەڵەكێ، وە كاتێكیش كە ئایەتـەكانی پـەروەردگاریان بەسـەردا ئەخوێنرێتـەوە باوەڕەكـەیان زیـاد ئەكات و پشت بە پـەروەردگاریان ئەبەستن. وە زانای پایە بەرز (ابْنُ كَثِير) (ڕەحمەتی خـوای لـێ بێـت) ئەفـەرمووێت: ئیمـامی (الْبُخَارِيّ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وە زانایانی ئیسلام ئەم ئایەتە ئەكەن بە بەڵگە بۆ زیاد بوونی باوەڕ لە دڵدا[12].

**پێنجـەم: بیركردنـەوە لەدروست بـوونی جیهان:**

بیركردنەوە لە دروست بوونی ئاسمانـەكان و زەوی و ئـەوەی كەتێیدایـە لەبونـەوەری جۆراو جۆر وەخودی مرۆڤەكان، وە چۆنێتی

---

(١١) بڕوانـە: پـەرتووكی (التوضيح والبيان لشجرة الإيمان (ص: ٧٢) تأليف العلامة عبدالرحمن بن ناصر السعدي) (رحمه الله).

(١٢) بڕوانـە: صحيح البخاري (رحمه الله) (كتاب الإيمان) (٢/٢) وە مختصر تفسير ابن كثير (رحمه الله) (٣/٢).

دەســـتورو یاســـای بـــەڕێوەبردنی ژیانیـــان هۆکارێکـە بـۆ زیـاد بـوونی بـاوەڕ، چـونکە هـــەموویان بەڵگـــەن لەســـەر گـــەورەیی و بەتوانایی خوای پەروەردگار:

﴿وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِن مَّـاء فَمِـنْهُم مَّـن يَمْشِي عَلَى بَطْنِهِ وَمِنْهُم مَّـن يَمْـشِي عَلَـى رِجْلَيْنِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَى أَرْبَعٍ يَخْلُقُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ [النـور: ٤٥].

واتـە: پـەروەردگار هـەموو زینـدەوەرێکی لـە ئـاو دروسـتکردووە جـا هەنـدێکیان لەسـەر سکیان ئەڕۆن وەك خشۆکەکان (مـار...هتـد) وەهەنـدێکیان لەسـەر دووپـێ ئـەڕۆن وەك (مرۆڤـەکان) وەزۆرێـك لـە (باڵنـدەکان) وەهەندێکی تریشیان لەسەر چوار پێ ئـەڕۆن وەك (مانگـا، مـەڕ، بـزن... هتـد) وەخـوای پـەروەردگار چـی بوێـت دروسـتی ئـەکات، وەدڵنیـابن پـەروەردگار دەسـەڵاتی بەسـەر هەموو شتێکدا هەیە. خوای پەروەردگار ئـەم نموونانـە دێنێتـەوە بـۆ خـەڵکی تـا بـیر بکەنـەوەو باوەڕیـان زیـاد بێـت، بـەڵام لەڕاسـتیدا تـەنها زاناکـان لـەم نموونانـە تـێ دەگەن:

﴿وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّـا الْعَالِمُونَ﴾ (العنكبوت: ٤٣).

هـەروەها پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمانی بەهاوەڵـەکان کـردووە کـەبیر لـە بەدیهێنراوەکانی پـەروەردگار بکەنـەوە، (ابْنِ عَبَّـاس ؄ ئەفـەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتی:

(تَفَكَّرُوا فِي خَلْقِ الله)[١٣].

واتە: بیربکەنـەوە لەبـەدیهێنراوەکانی خـوای پەروەردگار.

## شەشەم: گوێ گرتن لە قورئان:

هـاوەڵی خۆشەویـست (عَبْدُ اللَّهِ بن مَـسْعُود ؓ ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم: قورئانم بەسـەردا بخوێنـە؟ منـیش ووتم ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ قورئـان بەسـەر تـۆدا بخـوێنم کەبەسـەر تـۆدا دابـەزیوە؟ پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمووی: بەڵی پێم خۆشە لە جگـە لـە خۆمـەوە گـوێم لـێ بـێ، (عَبْـدُ اللَّـهِ بـن مَـسْعُود ؓ ئەفـەرمووێت: منـیش سـورەتی (النـساء)م خوێنـد تـاکو گەیـشتمە ئـەو ئایەتـەی کـە خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

(١٣) (حسن) بڕوانـە: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٢٩٧٦).

﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَـؤُلاء شَهِيداً﴾[النساء : ٤١].

واتە: ئەبێ حاڵی بێ باوەڕەكان چۆن بێت لە ڕۆژی دواییدا كاتێك لەهەموو ئوممەتێكدا (پێغەمبەرێك) بكەین بە شاهید بەسەریانەوە، وەتۆشمان هێنا (ئەی محمد ¢ بەشاهید بەسەر ئوممەتەكەتەوە: پاشان پێغەمبەری خوا ¢ پێمی فەرموو: (حَسْبُكَ) .واتە: بەسە، (عَبْدُ اللَّهِ بن مَسْعُود i ئەفەرمووێت: سەرم بەرز كردەوە بینیم فرمێسك بەچاوەكانیدا دێتە خواری(١٤).

## حەوتەم: زۆر یاد كردنی خوای پەروەردگار:

زۆر یادكردنی خوای پەروەردگار تۆوی باوەڕ لەناو دڵدا ئەچێنێت، وەهەر كاتێك مرۆڤی باوەڕدار یادی خوا بكات ئەوا باوەڕی بەهێز ئەبێت، هەروەك چۆن باوەڕ پەیوەستە بەیادی پەروەردگارەوە، وە بێگومان هەر كەسێك خوای پەروەردگاری خۆش بوێت ئەوا زوو زوو یادی ئەكات، وەیادكردنی خوای پەروەردگار تەنها بریتی نییە لەو ویردانەی كە لە دوای نوێژە فەرزەكان ئەخوێنرێت، بەڵكو ئەنجامدانی قورئان خوێندن و بە ڕۆژوو بوون و دانیشتن لەگەڵ پیاوچاكاندا و باسی ڕۆژی دوایی و نوێژ بریتیە لە یادكردن، چونكە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي﴾ [طه: ١٤] .

واتە: نوێژەكانت بە چاكی ئەنجام بدە تا هەمیشە منت لە یاد بێت، وەبێگومان بەردەوام بوون لەسەر یادكردنی خوای پەروەردگار هۆكارێكە بۆ ڕزگار بوون لە سزای پەروەردگار، هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ) i ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ¢ فەرموویەتی:

(مَا عَمِلَ آدَمِيٌّ عَمَلاً قَطُّ أَنْجَى لَهُ مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ)(١٥).

واتە: باوەڕدار هیچ كردەوەیەك ناكات كە ڕزگار كەری بێت لەسزای خوای پەروەردگار بە ئەندازەی یادكردنی پەروەردگار.

وەبەدڵنیاییەوە هەر كەسێك زۆر یادی خوای پەروەردگار بكات ئەوا دڵی ئارام ئەبێت لەهەموو كێشەو ناڕەحەتییەكانی دونیا،

﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ [الرعد: ٢٨] .

(١٤) رواه البخاري (٥٠٥٠) ومسلم (١٨٦٦) .

(١٥) (صحيح) رواه أحمد (٢٢٧٣٠) بڕوانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٥٦٤٤) .

واته: باوەڕداران دڵیان ئارام ئەگرێت بەیادی خوا، وەتەنها یادی پەروەردگارە دڵەکان ئارام ئەکات، وەیادکردنی خوای پەروەردگار لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەی تێدایە، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾ [الأحزاب: ٣٥].

وەبێگومان هەر کاتژمێرێك بەسەر ئادەمیزاددا بڕوات و یادی خوای تێدا نەکرد بێت ئەوا پەشیمانی لەدوایە، دایکی باوەڕداران (عَائِشَة) ئەفەرموویێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(مَا مِنْ سَاعَةٍ تَمُر بابن آدَم لَمْ يَذْكُرْ اللَّه فِيَها إلا حَسَرَ عَلَيْهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[١٦].

واتە: هیچ کاتژمێرێك نییە کە بەسەر ئادەمیزادا تێ ئەپەڕێت و یادی خوای پەروەردگاری تێدا نەکردبێت ئەوا بۆی ئەبێتە پەشیمانی و نەدامەتی لەڕۆژی دوایدا.

## هەشتەم: ترس لە خوای پەروەردگار:

بەدڵنیاییەوە ترسان لەخوای پەروەردگار هۆکارێکە بۆ زیاد بوونی باوەڕ، چونکە هەر کەسێك لەپەروەردگاری بترسێت ئەوا لەقەدەغە لێکراوەکانی دوور ئەکەوێتەوە، وەهەر کەسێکیش لە قەدەغە لێکراوەکان دوور بکەوێتەوە ئەوا باوەڕەکەی زیاد ئەکات، بەڵام ئەبێت ترس لەخوای پەروەردگار بەنهێنی بێت، چونکە ئەگەر وابوو ئەوا لێخۆش بوونی پەروەردگار و فەزڵێکی زۆر گەورەی بۆ هەیە لە بەهەشتدا، پەروەردگار ئەفەرموویێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾ [الملك: ١٢] .

واتە: بێگومان ئەوانەی بەنهێنی لەپەروەردگاریان ئەترسن (واتە لەترسی پەروەردگاریان خۆیان ئەپارێزن لەحەرام و قەدەغە لێکراوەکان) ئەوا لێخۆش بوون و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە لە بەهەشتدا، بەتایبەتی باوەڕدارێك لە شوێنێکدا یادی خوای پەروەردگار بکات وە لەترسی خوای پەروەردگار فرمێسك بەچاوەکانیدا بێتە خوارێ، هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ ؓ) ئەفەرموویێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

---

(١٦) (حسن) رواه الطبراني في معجم الأوسط (٨٥٥١) والبيهقي في شعب الإيمان (٥٤٠) بروانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٥٧٢٠) .

(سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ تَعَالَى فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ... وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ)(١٧) .

واتە: حەوت تاقم هەن لەڕۆژی دواییدا لەژێر سێبەری عەرشی خوای پەروەردگاردا حەشر ئەكرێن ... یەكێك لەو حەوت تاقمە باوەڕدارێكە كاتێك بەتەنها لەشوێنێكدایە یادی خوای پەروەردگار بكات و لەترسی پەروەردگار فرمێسك بەچاوەكانیدا دێتە خوارێ.

**نۆیەم: عیبادەت و پەرستشی زۆر:**

لەناو باوەڕداراندا هەركەسێك پەرستش و بەندایەتی زۆر بكات، ئەوا خوای پەروەردگار ئەو باوەڕەی كە پێی بەخشیوە بۆی زیاد ئەكات: ﴿وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى﴾ [مريم : ٧٦].

واتە: ئەوانەی كە لەسەر ڕێبازی ڕاست و حەقن، وە كردەوەو پەرستشی زیاد ئەنجام ئەدەن، ئەوا خوای پەروەردگار ئەو باوەڕەی كەپێیانی بەخشیوە بۆیانی زیاد ئەكات، وە پێغەمبەر(إِبْرَاهِيم) ﷺ داوای كرد لە خوای پەروەردگار ئەو باوەڕەی كە هەیەتی پەروەردگاری بۆی زیاد بكات: ﴿قَالَ بَلَى وَلَكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي﴾ [البقرة: ٢٦٠] (لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي) أي (ليزداد يقيني)(١٨) .

واتە: بۆئەوەی باوەڕەكەم پێی زیاد بكات، وە خوای پەروەردگار پەیمانی داوە كە هەر كەسێك لەسەر ڕێبازی ڕاست و حەق بێت ئەوا باوەڕو دڵنیابوونی زیاد ئەكات ﴿وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْواهُمْ﴾ [محمد : ١٧] .

واتە: ئەوانەی لەسەر ڕێبازی ڕاست و حەقن وەپەرستشی زۆر ئەنجام ئەدەن ئەوا پەروەردگار باوەڕەكەیان بۆ زیاد ئەكات.

**دەیەم: بیركردنەوە لە ژیانی پێشینەكانی ئەم ئوممەتە (سلف):**

بیركردنەوە لە ژیانی پێشینەكانی ئەم ئوممەتە (سلف)، وە خوێندنەوەی بەسەر هاتەكانیان دڵی باوەڕدار ڕادەچەڵكێنێت و هۆكارێكە بۆ زیادبوونی باوەڕ، چونكە ئەوان باشترین و چاكترین كەسانێكن لەدوای پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) وە بەڕاستی ئەوان دەیانزانی چۆن پەروەردگاریان دەپەرستن، وە ماقی

---

(١٧) رواه البخاري (٦٤٧٩) ومسلم (٢٣٧٧) .

(١٨) **بڕوانە**: تفسير الطبري (٤٩/٣).

پـــەروەردگاریان چـــییە بەســـەریانەوە، وە دەیـــانزانی کـــە پاشـــەڕۆژ هـــەر دەبێـــت بگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگار، وە دەیـانزانی چـۆن وە بەچـی دینـی پـەروەردگار سـەر دەکەوێت، وە چۆن مامەڵـە لەگـەڵ خەڵکیـدا بکەن.

**کام باوەڕدار لە هەموو باوەڕدارێك باشترو چاکترو خۆشەویستره لەلای خوای پەروەردگار؟**

بێگومـــان بـــاوەڕی بەنـــدەکانی خـــوای پـەروەردگار پلـە پلەیـە، لـەناو باوەڕدارانـدا بەنـدە هەیـە خـوای پـەروەردگار خۆشـی ئەوێت، وەهەیشە پەروەردگار خۆشی ناوێت و ڕقـی لێیـەتی، چـونکە خـۆی ناپارێزێـت لەگوناهـــ و تـاوان و سەرپێـچی، وە ئـەو بـاوەڕدارەی کـە خـوای پـەروەردگار خۆشـی ئەوێت ئەبێت ئەم سیفەتانەی تێدا بێت:

**لەقورئانی پیرۆزدا:**

**١) باوەڕدارێـك تەوبـەكارو پـاك وخـاوێن بێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

Z ± ° ¯ ® ¬ « ª [

[البقرة: ٢٢٢] .

واتــە: بەڕاسـتی پـەروەردگار تەوبـەکارانی خـۆش دەوێـت (ئەوانـەی کـە زۆر تەوبـە دەکـەن)، وە پـاك وخاوێنانیـشی خـۆش دەوێـت(ئەوانـەی کـە خۆیـان دەپـارێزن لەپیسی).

تەوبەکاران ئـەو کەسانەن (دەروونیـان پـاك دەکەنەوە)، وە پاك وخاوێنـان (ئەوانـەن کـە خۆیان دەپارێزن لەپیسی لاشەیی).

**٢) باوەڕدارێـك بەڕاسـتی شـوێنی سـوننەت کەوتبێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

G F E D C B A @ ? > [

H I J K L M Z [آل عمران: ٣١] .

واتــە: ئـــەی پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ بـــە باوەڕداران بڵێ: ئەگەر ئێوە پـەروەردگارتان خـۆش دەوێـت، ئـەوا شـوێنی مـن بکـەون (ئـەویش بـە جێبـەجێ کردنـی سـوننەتەکانم وگوێڕایـەڵی کـردنم)، چـونکە ئەگـەر شـوێنی من بکەون ئەوا خوای پەروەردگار خۆشـتانی دەوێـت و لەتاوانـەکانتان خـۆش دەبێـت، وە خـــوای پـــەروەردگار زۆر لێخـــۆش بـــوو بەبەزەییە.

**٣) باوەڕدارێـك خۆپـارێزوو لـە خـواترس بێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

½ ¼ » º ¹ ¸ ¶ µ ´ ]

¾ Z [آل عمران: ٧٦] .

واتە: نەخێر وانییە، هەرکەس ئەو پەیمانەی کە داوێتی بەخوا جێبەجێی کرد بێت و خۆی پاراستبێت لەحەرام، ئەوە بەڕاستی پەروەردگار پارێزکاران و لەخواترسانی خۆش دەوێت.

**٤) باوەڕدارێك چاکەکارو خێر خوازبێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

• ~ } | { z ]

¡ Z[البقرة: ١٩٥]

واتە: بەردەوام خێرو چاکە ئەنجام بدەن و چاکە خوازبن، چونکە بەڕاستی پەروەردگار چاکە کاران وخێر خوازانی خۆش دەوێت.

**٥) باوەڕدارێك داد پەروەر بێت لە گوفتارو کرداردا:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

ª © ¨ § ¦ ¥ ]

Z «

[الحجرات: ٩].

واتە: دادپەروەربن لەنێوان خەڵکیدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کە داد پەروەرن لە گوفتارو کرداردا.

**٦) باوەڕدارێك خۆڕاگرو بەئارام بێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

§ ¦ ¥ ¤ £ ¢ ¡ • ~ } ]

³ ² ± ° ¯ ® ¬ « ª © ¨

´ µ Z [آل عمران: ١٤٦] .

واتە: چەندەها پێغەمبەر هەبوون کە خواناس وپیاو چاکانی لەگەڵدا بوون و دژ بە دوژمنان جەنگاون، جا ئەوانە هیچ کات سستی وبێزاری و بێتاقەتی ڕووی تێ نەکردوون بەهۆی ئەوەی کەتوشیان بووە لە پێناوی ڕێبازو بەرنامەی خوادا، وە لاوازو بێ هێزو سەرشۆڕیش نەبوون بۆ دوژمنان، وە خوای گەورەش ئەو خۆڕاگروو بەئارامانەی خۆش دەوێت.

**٧) باوەڕدارێك لە پێناوی خوادا بجەنگێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

¥ ¤ £ ¢ ¡ • ~ ]

Z ª © ¨ § ¦

[الصف: ٤].

واتە: بەڕاستی خوا ئەوکەسانەی خۆش دەوێت کە دەجەنگن لە پێناوی ڕێبازو بەرنامەی خوادا، بەیەك ڕیزو یەك دڵ ویەك

پارچـە، چـونکە هـەروەك کۆشـکێکی بـەرزی قایمی داڕێژراون بە قوڕقۆشم.

**٨) باوەڕدارێـك پـشت بـەخوا ببەسـتێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

J I HGED C B A[
Z K [آل عمران: ١٥٩] .

واتە: ئەگەر ویستت کارێك ئـەنجام بـدەیت، ئـەوا ئـەنجامی بـدەو پـشت بـەخوا ببەسـتە، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کە لە کارەکانیاندا پشت بە خوادەبەستن.

**لــــە فـــــەرمووده ڕاســــتەکانی پێغەمبەردا ¢ :**

**١- باوەڕدارێك ڕەوشتی جـوان بێـت:** هـاوەڵی خۆشەویست (عَبْــدُ اللَّــهِ بــن عُمَــرَ i ) ئەفـــەرمووێت: پێغەمبـــەری خـــوا ¢ فەرموویەتی:

(أفْضَلُ المُؤْمِنينَ إيمانًا أحْــسَنُهُمْ خُلُقــاً)[١٩] .

واتــە: لـەناو باوەڕدارانـدا باشـترینیان ئـەو کەسـەیە کـە ڕەوشـتی بـەرزو جـوان بێـت، هەروەها پێغەمبەری خوا ¢ فەرموویەتی:

(أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا)[٢٠] .

واتــە: لـەناو باوەڕدارانـدا باشـترینیان ئـەو کەسەیە کە ڕەوشتی بەرزو جوان بێت.

**٢- باوەڕدارێـك دەسـت پـاك وئـەمین بێـت:** هاوەڵی خۆشەویست (فَضَالَةَ بن عُبَيْــد i ) ئەفـــەرمووێت: پێغەمبـــەری خـــوا ¢ فەرموویەتی:

(الْمُؤْمِن مَنْ أَمِنَــهُ النَّــاس عَلَــى أَمْــوالِهم وَأَنْفُسِهِم)[٢١] .

واتـە: بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە ئـەو کەسـەیە کە موسڵمانان ئەمین بن بەرامبـەری لـە مـاڵ و نەفسی خۆیان.

**٣- باوەڕدارێـك ئـارامگرو دڵ فـراوان بێـت لەسەر ناڕەحەتییەکان:**

هـاوەڵی خۆشەویست (عَبْدِاللَّهِ بْنِ عُمَرَ i ) ئەفـــەرمووێت: پێغەمبـــەری خـــوا ¢ فەرموویەتی:

(الْمُؤْمِنُ الَّذِى يُخَالِطُ النَّاسَ وَيَــصْبِرُ عَلَــى أَذَاهُمْ أَعْظَمُ أَجْرًا مِنَ الْمُؤْمِنِ الَّذِي لاَ يُخَالِطُ

(١٩) (صحيح) رواه البيهقي في الزهد الكـبير (٥٢ / ٢) بڕوانـە: صحيح الجـامع للـشيخ الألبـاني (رحمـه الله) (١١٢٨) .

(٢٠) (صـحيح) رواه أبـوداود (٤٦٨٤) والترمـذي (٢٨٢٠) بڕوانە: صحيح الجامع للشيخ الألبـاني (رحمـه الله) (١٢٣٠) .

(٢١) (صحيح) بڕوانـە: صحيح الجامع للـشيخ الألبـاني (رحمه الله) (٦٦٥٨) .

النَّاسَ وَلاَ يَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ)[٢٢]. واتە: باوەڕدارێك كە تێكەڵ بەخەڵكی ئەبێت و ئارام ئەگرێت لەسەر ناڕەحەتییەكانیان چاكترو باشترە لەو باوەڕدارەی كە تێكەڵ بە خەڵكی نابێت و ئارام ناگرێت لەسەر ناڕەحەتییەكانیان.

**٤- باوەڕدارێك ئازاو بەهێزو بەتوانا بێت:** هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي هُرَيْرَةَ i ) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ¢ فەرموویەتی:

**(الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ)**[٢٣].

واتە: باوەڕدارێك ئازاو بەهێز بێت چاكترو خۆشەویسترە لای خوای پەروەردگار لە باوەڕدارێك كە لاوازو بێ هێزو ترسنۆك بێت.

**٥- باوەڕدارێك خەڵكی لە دەست وزوبانی ئەمین بن:** هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُ اللَّهِ بن عَمْرٍو i ) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ¢ فەرموویەتی:

**(أَفْضَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِسْلاَماً مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ)**[٢٤].

واتە: لەناو باوەڕداراندا باشترینیان ئەو كەسەیە كە موسڵمانان لە زوبان و دەستی ئەمین بن (واتە: بە زوبان ودەستی ئازاری موسڵمانان نەدات).

**٦- باوەڕدارێك دەست ودڵپاك بێت:** هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُ اللَّهِ بن عَمْرٍو i ) ئەفەرمووێت: ووترا بە پێغەمبەر ¢ لەناو موسڵماناندا كامیان لە هەموویان چاكترو باشترە؟ ئەویش فەرمووی:

**(كُلُّ مَخْمُومِ الْقَلْبِ صَدُوقِ اللِّسَانِ)** .

واتە: هەموو موسڵمانێكی دڵپاك و زوبان ڕاست، ووترا زوبان ڕاست ئەزانین، بەڵام دڵپاك كێیە؟ ئەویش فەرمووی:

**( هُوَ التَّقِيُّ النَّقِيُّ لاَ إِثْمَ فِيهِ وَلاَ بَغْيَ وَلاَ غِلَّ وَلاَ حَسَدَ).**

واتە: ئەو موسڵمانەی خۆی ئەپارێزێت لە خراپەكاری و دڵ پاكە و نەتاوان ئەكات و نەزۆردارەو نەڕق وكینەی لەدڵایەو نەحەسودی بەكەس ئەبات[٢٥].

---

(٢٢) (صحيح) رواه ابن ماجه (٤١٦٨) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٦٦٥١) .

(٢٣) رواه مسلم (٦٧١٦) وابن ماجه (٤٣٠٧).

(٢٤) (صحيح) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١١٢٩) .

(٢٥) (صحيح) رواه ابن ماجه (٤٣٥٦) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٣٢٩١) .

**٧) باوەڕدارێــك كردەوەكــانی بــەنهێنی وشاراوە ئەنجام بدات:**

هاوەڵی خۆشەویست (سَعْدُ بْنُ أَبِــي وَقَّــاص i ) ئەفەرمووێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ¢ ئەیفەرموو:

(إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْعَبْدَ التَّقِيَّ الْغَنِيَّ الْخَفِــيَّ)[٢٦] .

واتــە: خــوای پــەروەردگار بەندەیــەكی لــە خواترســی دەوڵەمەنــدی شــاراوەی خــۆش دەوێت، (واتە: دەوڵەمەند لـەدڵ ودەروونـدا، وە شــاراوە لــە ئەنجامــدانی كــردەوە چــاك وباشەكان، بەنهێنی ئەنجامی دەدات تاكـەس پێی نەزانێت لەترسی ڕیا).

**٨) باوەڕدارێـك جـوان وپـاك وخـاوێن بێـت:**

هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدِاللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ i ) ئەفــــەرمووێت: پێغەمبــــەری خــــوا ¢ فەرموویەتی:

(إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ، يُحِبُّ الْجَمَال)[٢٧] .

واتــە: خــوای پــەروەردگار جوانــەو خــاوەنی هــەموو نــاوو ســفەتێكی جــوان وپــیرۆزە، وە هـــەموو كارەكـــانی جـــوان وپڕبایـــەخ وپــیرۆزە(جــوانی بــێ ســنورە لــە نــاوو سیفەتدا)، وە ئەو كەسانەشی خۆش دەوێت كە خۆیـان دەڕازێننــەوە بـە كـارو كـردەوەی جوان.

**٩) باوەڕدارێــك هــێمن ولەســەرخۆ بێــت:**

دایكی بـاوەڕداران (عَائِشَةَ) (رَضِي اللهُ عَنْهَــا ) ئەفــــەرمووێت: پێغەمبــــەری خــــوا ¢ فەرموویەتی:

(إِنَّ اللَّهَ رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ)[٢٨] .

واتــە: بەڕاســتی خــوای پــەروەردگار (نــەرم ونیان ولەسەر خۆو پێویستی ئاسان دەكات كە بەبێ ئەو نایەتــەجێ)، وە بەندەیەكیشی خــۆش دەوێــت كــە نــەرم ونیــان وهــێمن و لەسەرخۆ بێت.

**١٠) باوەڕدارێك ئاسانكار بێت:**

هــاوەڵی خۆشەویـست (أَبِــي هُرَيْــرَةَ i ) ئەفــــەرمووێت: پێغەمبــــەری خــــوا ¢ فەرموویەتی:

(إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ سَمْحَ الْبَيْــعِ سَــمْحَ الــشِّرَاءِ سَمْحَ الْقَضَاءِ)[٢٩] .

واتە: خـوای پـەروەردگار بەندەیـەكی خـۆش دەوێــت لــە كــڕین وفرۆشــتندا ئاســانكارو

(٢٦) رواه مسلم (٧٦٢١).

(٢٧) رواه مسلم (٢٧٥).

(٢٨) رواه مسلم (٦٧٦٦).

(٢٩) (صحيح) رواه الترمذي في السنن (١٣١٩) بڕوانـە: السلسلة الصحيحة (٨٩٩).

لێبــوردە بێــت، وە لــە دادوەریــشدا ئاســان كارو لێبوردە بێت.

**١١) باوەڕدارێـك لـەناو خەڵكیـدا ڕێـزدار و بەحورمەت بێت:**

هاوەڵی خۆشەویست (سَهْلِ بـن سَـعْد j ) ئەفـــەرمووێت: پێغەمبـــەری خـــوا ¢ فەرموویەتی:

(إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ كَرِيمٌ يُحِـبُّ الْكَـرَمَ)(٣٠).

واتـە: بەڕاسـتی خـوای پـەروەردگار (بـەڕێزو ڕێزگـرە)، وە كەسانێكیـشی خـۆش دەوێـت كە لەناو خەڵكیدا ڕێزوو حورمەتیان هەبێت.

**١٢) باوەڕدارێـــك دەســـت كـــراوەو دەســـت بڵاوبێت:** هاوەڵی خۆشەویست (ابْنِ عَبَّـاس ´ ) ئەفـەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا ¢ فەرموویەتی:

(إِنَّ اللَّهَ تَعالَى جَوَادٌ يُحِبُّ الْجُودَ)(٣١) .

واتـــە: خـــوای پـــەروەردگار زۆر بەخـــشەرو بەخـــشندەیە(هـــەموو شـــتێكی چـــاكی بەخـــشیوەو داویـــەتی)، وە بـــاوەڕدارێكی خـۆش دەوێـت كـە دەسـت كـراوەو دەسـت بڵاوبێـت لـە خێـرو چـاكەكاری وبەخـشین لـە پێناوی خوادا.

**لەكۆتـایدا...بیرخستنەوەیەك...**

**باوەڕداری خۆشەویست**... وەك لەسـەرەتاوە ئاماژەم پێكرد كە هاوەڵی خۆشەویست (ابْنِ عَبَّاس) j فەرموویـەتی: نـەوەی ئـادمیزاد بۆیە نـاونراوە (الإِنْسانُ) چـونكە پـەیمانی دا بـــەڵام پەیمانەكـــەی بیرچـــوو، وەئێمـــەش هەموومان نەوەی پێغەمبەر ئـادەمین ( 3 ) زۆر شـــتمان بـــیر ئەچـــێت، وە پێویـــستە بـەردەوام ئـەم ئایەتانـە بخـوێنین ] ¶ ¸ ¹ º » ¼ ½ ¾ à Z[البقرة: ٢٨٦] .

واتە: ئەی پەروەردگار لێمـان مـەگرە ئەگـەر كارێكی خێرو باشمان بیر چوو، پـەروەردگار لێمـــان مـــەگرە ئەگـــەر تاوانێـــك یـــان سەرپێـــچییەكمان كـــرد، وەپێویـــستە هــەمووما ئــەو ڕاسـتیە بـزانین كـە خـوای پـەروەردگار مرۆڤـ و جنۆكـەی تـەنها بـۆ بەندایـەتی خـۆی دروسـت كـردووە، هـەموو باوەڕدارێـك هەڵـە ئـەكات بـەڵام باشـترین بـاوەڕدار ئـەو كەسـەیە ئەگـەر هەڵەیـەكی ئەنجامدا دووبـارەی نەكاتـەوە بـەڵكو تەوبـە بكات و پەشیمان بێتـەوە لـەو هەڵەیـە، بـەم فەرموودەیـــەی خۆشەویـــستی خـــوا ¢

(٣٠) رواه الطبراني في (معجم الكـبير) (٥٧٩٥) بڕوانـە: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١٨٠١) .

(٣١) بڕوانـە: صحيح الجامع للشيخ الألبـاني (رحمـه الله) (١٧٤٤) .

مالئاوايتـــان لـــیٚ ئەكـــەم ... هـــاوەڵی خۆشەویـست (أَنـــس بـــن مَالِـــك ¡ ئەفـــەرموویٚت: پێغەمبـــەری خـــوا ¢ فەرموویەتی:

(أَيُّ الْخَلْقِ أَعْجَبُ إِيْمَاناً؟ قَـالُوا: المَلائِكـةُ، قَالَ: المَلائِكةُ! كَيـفَ لاَ يُؤْمِنُـونَ؟ قَـالُوا: النَبِيُّون، قَالَ: النَّبِيُّون يُوحَى إِلَيهِم فَكَيـفَ لاَ يُؤْمِنُونَ؟ قالوا: الصَّحَابَة، قَالَ: الصَّحَابَةُ مـع الأَنْبِيَاء، فكيف لاَ يُؤْمِنُونَ؟ وَلَكِـنْ أَعْجَـبُ النّاس إِيْمَاناً قَوْمٌ يجئيون مِنْ بَعْدِكُمْ فَيَجِـدُونَ كِتاباً مِنَ الْوَحْيِ فَيُؤْمِنُونَبِهِ ويتبعونـه، فَهُـمْ أَعْجَبُ النّاسِ إِيْمَاناً، أَوْ الْخَلْقِ إِيْمَاناً).

واتـــە: كـــام لـــە دروســـتكراوەكان، سەرسوڕهێنەر ترین باوەڕی هەیە؟ ووترا: فریشتەكان، پێغەمبەری خوا ¢ فـەرمووی: فریـشتەكان! چـۆن باوەڕیـان وانابێـت لەكاتێكدا هەڵە نەكردوون(واتە: معـصومن)؟ ووترا: پێغەمبـەران(عَلَيْهِمُ الـصَّلاَةُ وَالـسَّلاَم)، پێغەمبەری خوا ¢ فەرمووی: پێغەمبـەران چۆن باوەڕیان وانابێت لەكاتێكدا سرووشـی خوایـــان بـــۆ دێـــت؟ ووتـــرا: هاوەڵـــەكان(صـــەحابە)، (ڕەزای خوایـــان لێبێـت) پێغەمبـەری خـوا ¢ فـەرمووی: هاوەڵەكان چۆن باوەڕیان وانابێت لەكاتێكدا لەگـەڵ پێغەمبـەرانن (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالـسَّلاَم)، بـەڵام سەرسـوڕهێنەر تـرین بـاوەڕی خـەڵكی قـەومێك دێـن لـەدوای ئێـوە قورئـانی خـوای پەروەردگار دەبینن و باوەڕی پیٚ دەهێـنن و شـوێنی دەكـەون، ئەوانـە سەرسـوڕهێنەر تـرین خـەڵكن لـە باوەڕهێنانـدا، یـان سەرسـوڕهێنەر تـرین دروسـتكراون لـە باوەڕدا[٣٢].

وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ وَالتَّابِعِينَ أجمعين.

**گـرنگترین ئـەو سەرچـاوانەی كەسـوودم لـیٚ وەرگرتـووە.**

١- مختصر تفسير ابن كثير (رَحِمَهُ اللَّه تَعَالَى).

٢-تفسير السعدي للشيخ العلامة : عبـدالرحمن بن ناصر السعدي (رَحِمَهُ اللَّه تَعَالَى)..

٣- التوضيح والبيان لشجرة الإيمـان تـأليف الشيخ العلامةعبدالرحمن بن ناصر الـسعدي ) (رَحِمَهُ اللَّه تَعَالَى) .

٤-صحيح الجامع الصغير وزيادتـه : للـشيخ العلامة/ محمد ناصر الدين الألباني (رَحِمَهُ اللَّـه تَعَالَى) .

٥- شرح العقيدة الواسطية.

(٣٢) **بروانە**: سلسة الأحاديث الصحيحة (٣٢١٥).

## ٦- چەند سەرچاوەیەكی تر...